# یەکێتیو پارتی مۆڵەتیان نییە یاری بە چارەنوسی خەڵکی کوردستانەوە بکەن
# سەبارەت بە بڕیاری ناردنی پێشمەرگە بۆ ناوەراستو باشوری عێراق!

هەواڵەکان وا ڕادەگەیەنن، کە یەکێتیو پارتی بڕیاریان داوە هێزی پێشمەرگە بۆ هەندێك ئۆپۆراسیونی تایبەت بۆ ناوەراستو باشوری عێراق بەرێبکەنو گوایا دەیانەوێت بەمجۆرە هاوکاری حکومەتی عێراق بکەن لە جەنگی دژ بە تیرۆردا.
یەکێتیو پارتی دەیانەوێت زیاتر لە خزمەت ئەمەریکاو سیاسەتەکانی ڕاوەستنو ئەوان هیچ دەرسێکیان تەنانەت لەڕاسپاردەکانی بیکەر–هاملتونیش وەرنەگرت کە بەتەواوی "مایەپوچ" دەریکردن لەچاو هەموو هێزەکانی دیکەی عێراقدا، بۆیە لوتفی زیاتر دەنوێنن لەسەر حسابی خوێنی ڕۆڵەکانی خەلکی کوردستانو چارەنوسی سیاسیان.حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق ئەم بڕیارو سیاسەتەی یەکێتیو پارتی ئیدانە دەکاتو خەڵکی کوردستان لە مەترسیەکانی ئەم جۆرە هەنگاوانە ئاگادار دەکاتەوەو داوایان لێدەکات پێشی پێبگرن.
جەنگی ناوەراستو باشوری عێراق بەهیچ جۆریك ناکرێت ناوی جەنگی دژی تیرۆری لێبنرێت. ئەم جۆرە وەسفانە تەنها لە فەرهەنگی هێزی داگیرکاری ئەمەریکاو هێزە گوێڕایەلەکانی لە حکومەتە دەستەمۆکەی بەغدای مانای هەیە. جەنگی ناوەراستو باشوری عێراق چ لەو ئاستەدا کە شەری نێوان هێزە کۆنەپەرستو تیرۆریستەکانی ئیسلامی سیاسی سوننیو شیعیەیە، وەچ لەوئاستەدا کە شەری نێوان تیرۆریزمی ئیسلامی سیاسیو پاشماوەکانی بەعسە لەگەڵ تیرۆریزمی دەوڵەتی ئەمەریکادا، سەرتاپا شەڕێکی کۆنەپەرستانەیەو بەتەواوی دژ بە بەرژەوەندییەکانی خەلکی عێراقو جیهانی موتەمەدنە. ئەم بڕیارەی یەکێتیو پارتی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەیەوێت خەڵکی کوردستان بگلێنێتە نێو کورەی ئاگری شەڕیکەوە کە جگە لە بەکوشتدانی ڕۆلەکانی خەڵکی کوردستانو هێنانی صەرەتانی تیرۆریزمی ئیسلامی سیاسی بۆ کوردستانو هەڵگیرسانی شەری قەومی هیچی دیکەی لێ سەزو نابیت. یەکێتیو پارتی مۆڵەتی ئەم یارەیان نیە بە چارەنوسی خەڵکی کوردستانەوە.
خەڵکی کوردستان پێویستە تەواوی توانییەکانی خۆیان بخەنە گەڕ لە پێناو بەر گرتن بەم جۆرە بڕیارو هەنگاوانە کە مەترسیەکی هیجگار گەورەی هەیە بۆ سەر خەڵکی کوردستانو چارەنوسی سیاسیو تەنانەت مانەوەی فیزیکی ڕۆلەکانیانو خەباتی خۆیان یەکگرتوو رێکخراوبکەن لە پێناو دیاریکردنی چارەنوسی سیاسی خۆیانو دەربازبونی یەجگاری لە تیرۆریزمو مەترسیەکانی ئیسلامی سیاسی لە کوردستاندا، کە لە مرۆدا مانای خۆی تەنها لە جیابونەوەی کوردستانو پێکهێنانی دەوڵەتیکی سەربەخۆی سکولارو غەیرە قەومی دا پەیدا دەکات. پێویستە ئەم بڕیارە لەلایەن خەڵکی کوردستانو خێزانو کەس وکاری پێشمەرگەوە پێشی پێبگیرێت.

**ڕیکخراوی کوردستان**

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**

2006/12/21